www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:08 21-2-2007

## دیمانەیەک لەگەڵ نووسەرو رۆشنبیر رێبین هەردی ... دیمانە عەبدلکەریم ئەحمەد

بەوپێیە رۆشنبیران و رووناکبیران ئاوێنەی کۆمەڵگەن و دیدوبۆچونەکانیان رەهەندو واتای تایبەتیان هەیە بۆ چاکسازی و بینی کەم کورتیەکان، ئەمساڵ ئێمە لە رۆژنامەی یەکگرتوو بە جۆرێکی تر یادی ئیعلانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانمان کردەوە، چەندین رۆشنبیر و رووناکبیری بێ لایەنمان دواند بۆ قسە کردن لەسەر یەکگرتوو. بۆ پیاهەڵدان و بەشان و باڵدا گوتن نا بەڵکو بۆ هەڵسانگاندن و رەخنەگرتن، کە لە ژمارەکانی رابردووڕا زیاتر وەك بابەت ئەو دیدو بۆچوونانەمان بڵاو کردەوە، ئەم دیدارەی بەڕێز (ریبَین هەردی) یش درێژەی ئەو دیدارو بابەتانەیە. .

- لە رووی سیاسییەوە یەکگرتوو چ ئیزافەیەکی هەبووە بۆ گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان؟ پێت وایە یاریزانێکی کارا بووە یان خۆی لەگەڵ رووداوەکاندا ساز کردووە؟

+ ئەگەر ئیزافەیەکی سیاسی لە کاری یەکگرتووی ئیسلامیدا هەبێت، ئەوەیە کە خۆی لەگەڵ رووداوەکاندا سازکردووە! بە لاتەوە سەیر نەبێت یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانەی یەکگرتوو کردوویەتی ئەوەیە دەیەوێ لەگەڵ رووداوەکاندا بگونجێت و مێژووی تازەی خۆی بژی، ئەزموونی ئیسلامی سیاسی بەر لە یەکگرتوو، بریتی بوو لە پێکهێنانی هێزێکی چەکداری پەرگیر کە ئەوەندە دڵنیایە لە راستی و هەقیقەتی خۆی، ئامادەیە بە چەك و بە زۆر هەڵبژاردن و رێگاکانی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، جۆرێك لە هێزی سیاسی کە ئەگەرچی دەشێت بۆ ماوەیەك مل بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزی دیدا بدات، بەڵام دواجار ئامادەیە لە هەر کاتێکی گونجاودا بە زۆر رێبازەکەی خۆی بکاتە بەرنامەیەکی گشتی کە کەس بۆی نییە لێی لابدات، ئەم جۆرە عەقڵیەتە کە توانای بینینی هەمەرەنگی و جیاوازییەکانی نییە و لەوە تێناگات کە ناکرێت خەڵکانێك کە وەك خۆی بیر ناکەنەوە مافی بوون و ژیانیان لێ بسەنرێت، لە دواجاردا خۆی لە جەنگێکی سەرتاسەری لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیدا دەبینێتەوە کە کۆتایی نییە، ئەزموونی سیاسی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی دەوروبەر و ناوچەکەمان شایەتی ئەوەن کە ئەم هێزە ناتوانی بە بی جەنگ و کوشتار کە تەنها وڵات وێران دەکات بژی. یەکگرتووی ئیسلامی دوای مێژوویەکی خوێناوی لە ئەزموونی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەو لە ووڵاتدا هات، هێزەکە لە سەرەتاوە بڕیاریدا هێزێکی چەکدار نەبێت و هەوڵ بدات بە شێوەیەکی مەدەنییانە و لەناو گەمەی دیموکراتیدا کار بۆ بەرنامەکانی خۆی بکات، بێگومان هەر ئەم هەڵبژاردنە خۆی کارێکی یەکجار تازە بوو، چونکە ئەزموونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەرگیز بێ باڵێکی چەکداری نەبووە، هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان خاوەن باڵی چەکدارین و لە باشترین حاڵەتدا شانەی چەکدار و سەربازی نهێنییان هەیە، بەڵام تا هەنووکەش هیچ بەڵگەیەك بۆ بوونی باڵێکی چەکداری (ئاشکرا یان نهێنی) لەناو یەکگرتوودا نییە، هەر ئەمەش تا رادەیەك لە بزوتنەوەی (ئیخوان موسلیمین) جیای دەکاتەوە، کەسانێك هەن پێیان وایە یەکگرتوو لاساییکردنەوەی ئەزموونی ئیخوان موسلیمینەو هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەواندا نییە، بەڵام لە دوو خاڵی گرنگدا ئەزموونی یەکگرتوو لە ئەزموونی ئیخوان موسلیمین جیاوازە:

1- ئیخوان موسلیمین بەتایبەتی لە ئەزموونی میسردا هەرگیز دوور نەبووە لە بزوتنەوەی چەکدارییەوە، ئەم هێزە ئەگەرچی بە ئاشکرا خۆی وەك بزوتنەوەیەکی مەدەنی ناساندووە، بەڵام بەردەوام و بە شێوەی نهێنی شانەی چەکداری هەبووە کە دەستی هەبووە لە تیرۆرکردن و کوشتنی چەندان سیاسی و رۆشنبیردا (یان لانی کەم هەوڵی بۆ داوە) لە کاتێکدا یەکگرتووی ئیسلامی نە خاوەن شانەی وا نهێنییە و نە تا هەنووکە بە بەڵگەوە هیچ هەوڵی تیرۆر یان هەوڵدان بۆ تیرۆری لەسەر نەسەلماوە.

2- ئیخوان موسلیمین ئەگەرچی خۆی وەك بزوتنەوەیەکی دیموکراتی ناساندووە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر پەرگیر بووە لە رووی فیکرییەوە و کاردانەوەی توندی بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانە پیشان داوە کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.